خەرتاوی پێکەنینی منداڵەکان … عەلی مستەفا

سەرەڕای قەدەمەک بە کتێبی شەوە سپییەکان، یاداشتی پیاوێکی جوو لە پەناو ئازادی گەلی جووەکە و بنیاتی دەوڵەتی ئیسرائیل.

شەوە سپییەکان، یاداشتەکە لەو هەوداوانەی کە واقیعێکی تاڵ و پڕ کارەساتمان بۆ دەگێڕنەوە، هەقیقەتەکە لە گێشتن و فرمێسکی شادوومانی، ئەوەیە نووسەری نەو واقیعی هەوداوەکان لە دوا دێری کتێبەکەیدا دەڵێت:(بەڵام خۆ هەژڕکەش دەت و ئەویش لەبەر خەرتاوی پێکەنینی منداڵەکان پاڕبداتەوە). ئەوە ئەو ئومێدەیە دواجار دەمانگەینێتە ئەو باوەڕەی، لە دوای هەموو کەفەڵاتێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و… دان بەخەماندابگرین و ژیرانە هەنگاو هەڵبگرین بۆ ئەوەی ببین بە هێمز و یاداشتێکی نەمر و زیندوو بۆ پێکەنین و گۆشاندنەوەی منداڵانی گەل و نیشتمان.
شەوە سپییەکان- مەناحەم بەگن هەم نووسەر و هەم وەچاغی هەموو ئەو ئارەشانەی لە پەناو گەلی جوو و خاکی پیرەزدا بە هەوێدا دەتەقنەوە، شەفیقی حاجی خدر وەک هەروا وەرگەڕانەکەی کردووە و سەرنجمان بۆ بندین دەبات. ئەم کتێبە ئەزموونێکی شەوە ئەدەبییە، لە نەو مەغزای سیاسی و جەنگە دەڵاوەکانی مرۆڤایەتی. چەنییەتی گەڕانەوەکان ئەگەر لە شەوە واقیعییەکە نزیکە، بەڵام هونەرێکی وەستایانەیە بتوانیت لە نەو ئەو هەموو جەنجاڵیانەی نەو ژینگە کەنکریتییەکاندا، هەنگ بەبەر هەموو دیمەنێک و بەرنگاریی و نائومێدیدا بکەیت، گرنگە بتوانیت هادەست نەبوون لە نەو ئازاری نائومێدیدا بکەیتە تروسکایێک بۆ ئەوەی دواجار منداڵانی نیشتمان بۆ پێکەنینەوە باسی ئازادی خاکی پیرەز و گەڕانەوەی ئازادی خوازان بکەن. (بەتار) هەکخراوەکی قەرخکاری سیاسی و سەرمایەکان نەبوو، بۆ پێچەوانەوە کەگەیەک بوو بۆ پیتاندنی بیری جوو و ئازادی خاکی پیرەز و بۆ دیهێنانی ئامانجی دێیان ساڵەی دەوڵەتی ئیسرائیل.
ئاخر بەراستی ئەمانە ئامانج و ئیمانی بچووک و کەم نەبوون، هەبەتە ئازار و بەربەستی گەورش دەنە پێشەوە، بەڵام ئامانج و هەگای هاست نایەت لە هیچ شتێک سە بکرێتەوە. نووسەر بەرپرسێکی باڵای ئەم هەکخراوە بووە و لە پەناو بەها گەورەکان خەباتی کردووە، تەنانەت هادەستی هیچ ئیرادەیەکی ئاسایشی سڤیەتی و کەمپە جەرا و جەرەکانی زەرملەی سەربازی کارگەری و داکردن نەبێتەوە.

ئیتر هەموو ئەمانە ئیمانن بەو دەڵێن خوناوانی بە ئایندە خۆنیان پێوە دەبینی.

نووسەر لە پاڵ هەموو ئەو کەشف و تێکشانی لە پێناو بەهاکانی خاکی ئیسرائیل کردوویەتی، بە وریایی و هۆشیارییەوە گوفتار و ڕەفتاری نووانووە، تێنانێت هەستی گومان و جیاوازییەکانیشی لا پرسێکی گرنگ بووە، لە شوێنێکدا لەسەر دەسەلات و حکومەتکانی ناوچەکە بەچوونی جودای هەبووە وەک دەڵێت: هیتلەر یان ستالین هیچیان بە ئەمە باش نین، بەڵام جیاوازیشیان هەیە، ستالین پاڵتە خوریەکەم لەبەر دادەکەنێت، کەچی هیتلەر گیانم. لا٢٤ ، ئەو خەباتە پڕ مەترسییە بووە کە تەواوی جووەکان لە پێناو سەربەرزییەکی یەکجارەکی کردییان، لە پایێدا هیچ باوەڕێک و سەرمایەیەکی باوەڕپێکراویان نەبووە، بەیە بە گومانەوە دیانوانییە سیاسەت و هاوپەیمانێتییەکانی دونیا. دوو دەوڵەتی گەورەی جیهانی ڕوسیا و ئەمانیا کە لە جەنگی جیهانیدا لە هەمبەر یەکتردا جگە لە خوێنی یەکتر بگرە جووەکانیان کردە سووتەمەنی نەو ئاگرەکە و زەر خراپ جووەکانیان لەبەین دەبردن، بەتایبەتی ئەمانیای هیتلەر، کە کورەی بە توانووەی جوو بنیات ناو، لە بەینی بردن.

جوو، میللەتێکی تیکەشەر و پەرت و باو، بەردەوامیش لە ئازار و ئشکەنجە دابوونە، چونکە بەردەوام لە خەبات و هەوڵ دابوونە بە بە دیهێنانی ئامانجە سەرەکی و نیشتمانییەکانییان. گرنگترین شت کە لە نەتەوەی جووەدا بە دی بکرێت، ئەویە تا ساتی بەدەستهێنانی مافەکانیش یەکگرتووبوونە، کەمەک و هاوکارییان بە بنیاتی دەوڵەتی جوو بەسەریەکەوە ناوە. هەبەتە نەتەوەی وا ئاگەر سەرژمێریەکەی بگاتەوە ئاستی خوارەوەی پێکهاتەی نەتەویی بەهەی ئەو جۆرو ستەمەی لێدەکرێت، ڕەژەک دێت لە پاڵ پێکەنینی مندااکان دابنیشێت و مارشی سەرکەوتن بەسەر هەموو نەیارانی لەبدات، ئەو کاتەیە کەوتن پاشکەشەی ئەستەم دەبێت، وەک هەنووکە دەبینین دەستی بنیاتی جوو لە هەموو پێکهاتەکانی دونیادا جەمسەر دەگرێت و یار و نەیار لە ئاستیدا هەڵوەستە دەکەن.

ئەم کتێبە لە زەر شت نزیکی کردەوە، خوێندنەوەی زەری بە هێنام لە بارەی ئەو جیهان و واقیعە بەبنەوانی تێیکەوتووین، سەرنجی جوان و ئومێدبەخشانەشی پێدام، بەتایبەتی کاتێک جوو لە پێناو ئازادی و بنیاتی دەوڵەتی جوولەکە هەموو مردن، بەڵام دواجار پێیامی ئامانج سەردەکەوێت.
کورد وەک نەتەوەیەکی زیاتر لە (٣٠) ملیۆنی تا ئێستاش خوێن بە

دەوڵەتەوە دەبینێت، ئاخر هەکار زۆرن، دەبا لەگەڵیین تا دەینە سەر باسە دروستەکەی. نووسەر دەڵێت: تراژیدیای ئەوان، تراژیدیا تایبەتەکەی ئەوان، کە لە مێژووی خەباتی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبووە، من لێرەدا دەگەڕمەوە. من ئەوانم لە جەژن و خرۆش و کەساسی خەیاندا بینی، من ئەوانم لە دەشادی خەیاندا و لە بندینی بەمرادیشدا بینی.

ئاخر هەرگیز سووتانەوە وکووزانەوەی ئەو کەسە بەجێشانە، ئەو بەوادە نەگبەتانەم نەبینییوە، هەرگیز دامان و کۆتنکی لە هی ئەوانم بەزەبرتر نەبینییوە. لا ٣٤ ، ئەگەر قسەکردن بێت لەو ستەم و ئازارانەی کە لە بەندیخانەکاندا هەبوونە، ئەوا کورد لە پەناو ئازادی خاک و نەتەوەکەی زۆری لەم چەشنە ستەم و ئازارانە چەشت و هاکێشی بەر پەتی قەنارە کران و نەگەیانەوە، ئەمە هەمووی ئەو ئازار و تراژیدییا واقیعییانەن کە بەسەر گەلانی چەوساوەدا هاتوون، لە نەویشیاندا گەلی کورد، ئەوەتا جوولەکە لە ساڵی ١٩٤٨ ەوە بوو بە خاوەنی کیان و دەوڵەتی خۆی و کەمەگەی عەرەبیش چ دەنگ بای لەوەنەهاتن. ئەم ئازارانەی کە گەلی جوولەکە لە بەندیخانەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەڵمان و پۆڵۆنیا و فەرەنسا و تەواوی دنیادا بینییان بوون بە مایای شانازی بە دەوڵەتی ئیسرائیل و گەلەکەی، هەمووی لە میژووی شانازی و سەروەریدا نووسرایەوە. هیچیان نەبوون بە بەند و باوی منەت بەسەر خاک و میللەتەوە، راکێش هاکێشی پەست و سەرمایە مەستی نەکردن، ئامانج سەرکەوتنی گەل بوو بەسەر شکستە نەخوازراوەکان.

لەبارەی گرتنەکە کەلەسەرتای کتیبەکەوە دەخوێنرێتەوە، وەرگێ گواستنەوەی کردووە، لە زمانەکەوە بە زمانکی تر، بەڵام خ ئەوە کەم نیە و ئاسانیس نیە، سەرەتای دەرکەوتنی دیمەنکە لە نەو سەگەشەی یەکتر خواردنەوەدا، ئەم وەرگێانە بە ئەمەی کورد پیویستییەکی یەکجار گەورەیە، دەبوایە زووتر ئەم ئینگلیزی زانە، ئەوانا یەکێکی تر بە وەرگێانی ئەم کتێبە و هاوچەشنەکانی هەستابایە، چونکە هاوەاتی و کەسایەتی کوردیش بەم چەشنە کەوتوونەتە بەر شەپەلی گرتن و دەزیندان خستنی لە لایەن نەیاران و کاربەدەستانی سەردەم و چەرخە جوداکان. بە گرنگە جوانتر و خراتر ئاشنای خەبات و تەکۆشانی گەلانی تر بین؟ بە کەلتوورەکان خراتر دەگوازرێنەوە و سەرنجی نەرممان بیان دەبەت؟ ئاخر ئەمە بەشکی گرنگە لە ژیان و ئەزموونی خەباتی مەدەنی و ێشنبیری نەتەوە، دەبەت خەرا پەنجە ببردرێت بە کاری پەویست و میللەت لە ژێر

هەژموونی تەسکی تاک بیری و پەیڕەوی کەسی دەربازبکرێت. خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕی کورد بە شێوەیەک سەری هەڵدا و خوێنی لە پێناودا ژاو و دەیان سەرکردە و هەڵەی ئەم میللەتە بووە قوربانی و لە ئاکامدا تەواوی ماندی بوونی خەبات پیچەوانە هەڵگەڕایەوە، ئەمەش مایەی شانازی نییە بە هیچ تاکێکی میللەتی کورد، چونکە ئەزموونی ئیداری و کارگێڕی کورد لە پاوانی خەباتگێڕاندا فشەڵی هێناوە و تەواوی ئامانجەکان بوونەتە بابەتیکی قەرخکاری، ئەم قەرخکارییەش لەسەر حزب و تاکە کەسیدا خۆی بینیوەتەوە، بەم پەودانگش بازرگانی سیاسی و سیاسی حزبی بەرهەم هاتووە، لە کاتێکدا پەویستبوو سیاسی نیستمانی بەرهەم هاتبوایە.
کورد و جوولەکە دوو نەتەوەن بە درێژایی هەژگارکانیان خەباتیان کردووە لە پێناو بەدەست هێنانی مافە هەواکانیان و مسۆگەر کردنی چارەنووسی خاک و میللەتەکەیان. هەبەتە ئازار و شکەنجەی زۆریش بە هۆویاندا مسۆگەر و بەردەوام بوو. گرتن و تەهەدان و برسی کردن و ئاوارەیی و دەربەدەری... چی نەما ئەم میللەتانە بەسەریان نەیەت، بەڵام دواجار جوولەکە دەبەتە دەوڵەت و مافەکانی تەواو مسۆگەر دەکات، تانانەت دەستێکی درێژیشی هەیە بەسەر جیهانەوە و هاوپەیمانی بەهێزیشی هەن. ئەوەی جێگای نیگرانییە کورد وەک بابەتێکی سیاسی و گەلێکی ستەملێکراو ماوەتەوە لە ناوچەکەدا، هەبەتە هەرەمەکمان هەیە، ئەویش جێگای ئومێدی سەقامگیری و بەتەنگەوەچوونی نیشتمانی و سیاسی نییە بە تەواوی گەلی کورد لە هەموو دونیادا.
لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا زەر شت لە جیاوازی و خاڵە لەکچووەکان دەکەونە بەرچاو، کە جێگای خۆیەتی لە ئاستی فراوانتر وەک توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لە بواری سیاسەتی دەولی نەوخێیی دیراسەی لەبارەوە بکرێت، بە ئەوەی بتوانرێت کەمکی جێگرەوەمان بە بکات لە پانتایی سیاسی و پەیوەندی دیبلەماسیدا.

عەلی مستەفا
۲۰۲۰

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی کەلیدەر ی محمود دەوڵەتئابادی … وەرگێڕانی: سیامەند شاسواری – زانا خدر

ڕۆمانی دە بەرگی کەلیدەر چ لە ڕووی قەبارەی کتێبەکەوە چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە بە مەزنترین شاکاری ئەدەبی ئێرانی دادەنرێت. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە کتێبکی قوڵ و دەوڵەمەندی تژی لە پرسیاری فەلسەفی، هەر لە سەرەتای خوێندنەوەی دا، خوێنەر ئەگەر بەرکەوتنیشی لەگەڵ پرسیارەکەدا نەبێت لە نێو کتێبەکەدا، خۆی دەپرسێت(بۆچی؟). کتێبکی پڕ بایەخ و پێویست بۆ ئێمەی کورد کە باس لە هەوتی مێژوویەکی زۆرگرنگی کوردەکانی خۆراسان دەکات، کتێبێك کە ئەتوانین وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی دابنێین بۆ زانستی (دەروونزانی کۆمەڵایەتی- تاکی کورد).
لێرەدا هەوڵ ئەدەم بەو زمانە کرچ وکاڵەم بە چەند دێرێك چەند لایەنکی کتێبەکە شەن و کەو بکەم بۆ ئەو خوێنەرە بەڕێزانەی ئاشنای ئەم کتێبە گرنگە نین. هیوادارم لە گەورەیی کتێبەکە کەم نەکەمەوە!
هەموومان لە ئەزموونی ژیانی خۆمان و کەسانی دەوروبەرمان، ڕۆژێك لە ڕۆژان ناچار بووینە بپرسین: بۆچی مرۆڤ ئەترسێ؟ تاکەی مرۆڤ ژێردەستەیی و کۆیلایەتی قبوڵ ئەکات؟ هەنگە دەوڵەتئابادی کە لە ژیانی خۆیدا چەندین کاری جیا جیای ئەنجامداوە، زۆرترین جار ئەم پرسیارەی ئاڕاستەی ناوەوەی خۆی کردبێت.
لابەتی دەڵێت: ڕاستە بەستنەوەی خەڵك لە سەرەتادا کارێکی قورسە، ئەویش بە جۆرێك پێویست دەکات زەبر و زۆری تێدا پیادە بکرێت، وەلێ ئەوەش ڕاستە کە نەوەی دواتر بە ئاسانی ملکەچ دەبێت.(خۆبەکۆیلەکردن/ئاتین دولابەتی. وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی و مراد حەکیم).
ئەوەی لەم ڕۆمانەدا دەوڵەتئابادی بەمان دەگەیەنێتەوە، قبوڵکردنی ئەو ملکەچی و ژێردەستایەتییەی خەڵکی خۆراسانە، واتە قبوڵکردنی کۆیلایەتی لە ژێردەستی ئاغاکاندا. ئالاجاقی وەك نوێنەری کۆخایەکی ستەمکار و مێژووی ستەمکاری سەر کوردەکان و ئاغاکانی ئالاجاقی وەك نوێنەری تەواوی مێژووی کورد لە جاشایەتی و قبوڵکردنی بوون بە دەربار. جوتیار و خەڵکی برسی و ڕەش و ڕووتی مەبەندەکە، وەك

نۆنەری بەشمەینەت و زەلیل و کۆیلەیەکی ترسنۆکی داوخاو. دەوەتئابادی دەڵێت: زۆرجاران ڕووی داوە کەمەک لە بن دەستەکان، لە خاڵی پەینەوەی ترس و گەیشتن بە سازان، گەیشتونەتە ئادەی ستایشی جەللادەکەیان و هەموو ئەوینە ونبووەکانی خۆیان لەودا دۆزیوەتەوە و لە باوەڕی خۆیان ئاخنیوە! ئەمە هیچ نییە مەگەر خۆشاردنەوە لە ترس، لە پەنای ترسدا. جۆرێك هەڵاتنە لە دەڵاوکێی بەردەوام، تاو نەهێنان لە بەرامبەر خۆفدا، خۆ هەڵاواردن لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو دەسەڵاتەی خۆت بە شکست خواردووی مسۆگەری ئەو ئەزانی و وەها ملکەچی شکۆ و مەزنایەتییەکەی بوویت، هیچ ڕێگەیەك لە بەرامبەر خۆتدا نابینی جگە لەوەی ببێ بە شتێکی وا لە پەنایدا خۆت بشاریتەوە.
ئەمە هەمان ئەو قسەیە کە لابەتی دەڵێت: دەست و پێوەندەکانی زۆردار خۆیان نەفی دەکەن و هەرچی لە دەستیان دێ دەیکەن بێ ئەوەی هەزامەندی زۆرداران وەدەست بهێنن، نەك بێ ئەوەی بخۆیان ژیانێکی ئاسایی بژین. (خۆبەکۆیلەکردن/ئاتین دولابەتی. وەرگێڕانی: ڕێبوار سیوەیلی و مراد حەکیم).

هەبەت ئەمە ڕوونە کە هەمیشە دەسەڵات سیاسەتی برسی کردن و زۆر لێکردن بەکار ئەهێنێ بێ بە کۆیلە کردنی ئەوی تر، بەڵام بۆچی کۆیلایەتی قبوڵ ئەکرێ؟ مەگەر خەڵکی ناتوانن ڕووبەڕوو ببنەوە؟ ناڕازی بن؟ چی دەکرێت لە بەرامبەر دەنگی ناڕازی گشتیدا؟
گوڵمحمد کە یەکێکە لە کارەکتەرە یاخییەکان و ڕووبەڕووی حکومەت و ئاغا هەساوە و دەیەوێ داد بسەنێ بێ خەڵکی. بە گشتی ئەمە یەکێکە لەو هەزاران کەسەی چیتر کۆیلایەتی و ترس و دەڵاوکێی قبوڵ نییە، ناتوانێ هەروا بژی. ئەم فیگەرە، یان ئەم جۆرە لە تاك و کەسانی جورئەت پەیدا کردوو، چڵی چاوی ستەمکارانن، بە هەر جۆرێ بووە ئەیانەوێ ئەم دەنگە ناڕازییە بدەنگ بکەن. سەید شەرزا کە یەکێکی وەك گوڵمحمد بوو، دواتر بوو بە پیاوی میری و خێی بەدەستەوە دا، لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گوڵمحمد، دەڵێت: کۆیلەی دەسەڵات! دەسەڵات چەندە بەهێزتربێت، ئەوان لە بەرامبەری دا ئاسانتر خۆ بەدەستەوە ئەدەن و مل کەچ ئەکەن.

ئەگەر بپرسین بۆچی؟ هەنگە ئەمە سەختترین ئەنجام بێ کە دەوەتئابادی پێی گەیشتبێ: لەبەر ئەوەی بڕوایان بە هیچ دەسەڵاتێك لە خۆیاندا نییە. لەبەر ئەوەی کراوە بە مۆشکیاندا کە دەسەڵات بەس شیاوی ئەوانەیە کە لەوان چاکترن. هەرچی چێن بێت دێی خۆیان بەوە ئەدەنەوە کە دەسەڵاتی بەهێزتر چاکتر ئەتوانێ بیانپارێزی. هەنگە

بیرت لەوە کردۆتەوە کە بۆچی هەمیشە چاویان لە یەکێکی تری؟!. لەبەر ئەوەی کە هەرگیز خۆیان بە ئادەمیزاد ناژمێرن. لە منی ببیسە گومحمد ئەم خەکەی من دیومە هەرگیز بە چاوی مرۆڤی سەربەست و خاوەن ماف سەیری خۆیانیان نەکردووە و هەرگیز لە ناخی خۆیاندا بۆخۆیان ناگەڕێن.

هەمیشە حوکمی کەسی یاخی سەرکوتکردن بووە، بە درێژایی مێژووی کورد ئەمە بینراوە. لە وەڵامی گومحمد کاتێ دەپرسێ: بۆچی دەسەڵاتی میری سەری منیان دەوێت؟
سەید شەرزا دەڵێت: تۆ لەو کەسانەی کە خۆت ناسیوە و خۆت دۆزیوەتەوە، جیاوازی تۆ لەگەڵ ئەوانەی ئێشیان بە کلکی گاوە گرێدراوە، هەر ئەمەیە. تۆ خۆت ناسیوە و متمانەت بە خۆت هەیە، تۆ بڕوات کردووە کە مرۆڤی.
.....
لایەنێکی تری ئەم ڕێمانە، هەڵوەستە کردنە لەسەر پیاو سالاری، کە زۆر بە ورد و قوڵی، لەم ڕێمانەدا، دەروونی تاکی کوردی داوەتە بەر نەشتەر و دەیەوێت لەم لایەنەی بکۆڵێتەوە.
شێرۆ وەك باێیزی هەمیشە ئامادەی نێو مێژووی کورد، باێیزی کچانی ستەمدیدەی دەستی پیاو سالاری، ئافرەتێك قوربانی داب و نەریتێکی ستەمکار و قێزەون. ئەوەی جێگەی سەرنجە دەوەتئابادی جوان پەی بەم پاادکسە بردووە لە نێو دەروونی پیاوی کورد و داب و نەریتی کوردیدا، لەلایەك خزمەت بە پیاو دەکات، کچی بێ هەڵەگرێت، خەکی لە پێناو دەکوژێ، ژن دەرەکا و پەراوێزی ئەخات و لێی ئەدا، لەلایەکی تر کچی خێی نادا بە پیاوێك کە خێی هەڵی ئەبژێرێ، پرچی کچی ەدوو کەوتووی ئەبڕێت، پێی لە ماڵی خێی قەدەغە ئەکات، قبوڵی ناکاتەوە و بەر نەفرەتی ئەخات.
مەدیار، خاڵی شێرۆ، هاوڕێ لەگەڵ گومحمد برای شێرۆ و، مام و پورزای شێرۆ، هەوڵی ڕفاندن و هەڵگرتنی سەوقی دەدەن، بۆ مەدیار، کە عاشق و مەعشوقن. لەم فەزاغە، کاتێ شێرۆ چاوی براکەی بەسەریەوە نابینێت، لە هەمان شەوی نوتەك دا، ەدووی ماە دەروێشی خۆشەویستی دەکەوێت. ڕزگار بوون لە داب و نەریت و هەڵاتن بەرەو باوەشی عەشق.

پەناگەی ماهـ دەروێش و مەنزڵی نوێی لەگەڵ شێرۆ، پشت قایم بە ئاغای گوند، بابقولی بوندار، گوندی قەڵاچیمەنە. هەمیشە دەسەڵاتداری داماڵراو لە ئەخلاق و ئینسانییەت، کاتێك کەسێکی هەڵاتو یان زەلیل و داماو دەکەوێتە داوی، هەوڵی قێستنەوەی ئەم

هەلە دەدات. بەردەوامی خوا ئەم هاوکێشەیە هەروا بووە، بابقولی بوندار یەکێکە لەو نا ئینسانانەی، هەلی ئەوە بەدەست ئەهێنێ، شەڕ بکات بە کەنیزە و ماهـە دەروێشیش بکات بە غوڵام.
بەگمحمد، برا بچوکی شەڕ، کاتێ دەزانێ خوشکی هەدووکەوتییە، شوێن پێی خوشکی هەدەگرێت و دەچێت لە قەڵاچیمەن پرچی خوشکی دەبڕێت و بە باوکی دەهێنێتەوە. تەی خوێنەر، کاتێ ئەم دیمەنانە بەسەر یەکەوە لە یادگەتدا شەن و کەو ئەکەی، لەخێت دەپرسیت: بۆچی قژی کچەکەیان کە هەدووکەوتووە ئەبڕن، بەمانای بێ بەری بوون و پاککردنەوەی شەرەف، بەڵام سمێڵی کوەکەیان نابڕن کاتێ کچێك هەڵەگرێت؟

هیچم باس نەکردووە، ئەمە مشتێکە لە خەروارێك: دووڕوویی، فێڵی ئاغاکان، نانەوەی دووبەرەکی لە نێو چینی جوتیار و چەوساوە، هەڵگەڕانەوەی ژیانی زەنگین بێ هەژاری و داماوی، نەکەری کردن، خۆشەویستی، شەڕ و هەڵاتن… داستانێکی مەزن، کە من بە پێویستی ئەزانم بخوێندرێتەوە.

ئایا خودا بوونی هەیە ؟ … کاوە هادی

ئەمە چەندان هەزار ساڵە ، نەوە بێ نەوە درێ دەگوازینەوە . هەرکەس مەرام و هەنجەتی خێ هەیە لەم درێڵاگواستنەوەدا . دنیام هێکاری لەدایکبوونی ئەم هەموو درێیانە تەنها درێکردن نەبووە . داخوا مرۆڤەکانی دەپانزە هەزار ساڵ پێش ئەمە ، چیان لە بارەی گەردون زانیبێت ؟ چۆن لە خەرهەڵاتن و خۆرئاوابوون تێگەشتبن ؟ چۆن تاریکی و روناکی یان مردن و ژیانیان شرۆڤە کردبێت ؟ هەزاران هەزار دیاردە و روداوی بێ وەڵام ژیانی لا جەنجاڵ و تاڵ کردبن ، بە تایبەت بێ مرۆڤە بێ چارەکانی ئەو دەمەوە هتا ئەم ساتەوەختەش مرۆڤەکان هەرگیز کێکوتەبا نیین و کێکوتەباش نابن لە ئاست وەڵامە ئاڕەزەکاندا ، بەئاشکەرا و بەنهێنی تەواوی مرۆڤایەتی رێککەوتن لەسەر بوونی خودایەك کە خوێقێنەری ئەم هەموو موجیزە و دیاردە سەرسوهێنەرانەیە ، بەڵام هەنووز کێکنین لە سەر شێواز و

ەنگ وەوخسار و هەسوکەوتی ئەو خودایە .

دایکان و باوکان لە خۆشەویستی جگەر گۆشەکانیان ، لە ترسی ئازار و ئەشکەنجەی دۆزەخ ، لە مەلابانگدانەوە هەتا نیوەشەو درێی شاخدار شاخدار دەخەنە مۆشکی منداڵکانیان ، قەبارەی هێندێ درێ هێند گەورەیە ، بەدوری نازانم خۆشیان باوەڕیان پێ هانیبێت یان لانیکەمەکەی ئەوە ناکەن کە خۆیان دەیڵێن . بەهەرحاڵ جەرگ شیرینە، بەڵام دەبێت دایك وباوکێکی نەخوێندەوار چۆن بتوانن؟ بەرەنگاریی کەسێك بکەن کە دوانزە علمی هەبێت و نەك هەر خۆیان بەکو داپیرەوباپیرەیشیانی لێکدی حەڵاڵ کردبێت هەموو کەمەگە رۆژ لەم کەسانەێ دەگرن و ئەوان لەم دونیادا بە تێپزی خۆیان کردێتە جێگرو نمایندەی خودا ، کام خوداش ئەو خودایەیی کە لەم دەڤەرەی ئەوان باشترین خودایە ، هەمووان کۆکن کە ئەم خودایە تاك وتەنهایە ، ئەوان چند ئەم خودایەیان خۆشبوێت ئەویش هەر هێندە ئەوانی خۆشدەوێت !!!.

مەلا یان مامۆستای ئاینی ، وەك هەموو کاروکاسپیەکی دی سەرقاڵن بەم پیشەیەوە ، هەر وەك تووتی ئەوەی فێرکراون دەیڵێن و دەیڵێنەوە .جارجارەش لە پێناو پوڵوپارە و ماڵی دونیادا ، کێچکێت لێ دەکەنە فیل فیلکیشت لێ دەکەنە کێچ . ئەو باسوخواسەی لە بارەی بەهشت و دۆزەخ دەکرێن نەك سوکایەتیە بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی ، بگرە سوکایەتییە بە خۆیان و ئەو خودایەیی کە خۆیان بۆخۆیانیان خوڵقاندوە ، من لێرەدا هیچ نمونەیەکی ئەو سوکایەتی و گاڵتەجاڕییە باس ناکەم بۆ ئەوەی قەدرگران . بەخۆشی یان بە ناخۆشی زۆر تا کەم ئەم نمایندانەی خودا دەنگی ناڕازیان کپ کردوە ، سەری ڕازیبونمان پێ دەلەقێنن . کێ دەتوانێت دەستی دۆخوازەکەی بگرێت و لە ماڵی باوکی کچەوە بی گوازێتەوە بۆ ڕەزامەندی مەلای گەڕەك ؟ کێ دەتوانێت لە پرسەی ئازیزکیدا بە کاکی مەلا بڵێت ئەڕ فێتەفێت ، من جەرگم سوتاوە تۆش خەریکی وڵێنە و درۆ و دەلەسەییت ؟.

هێند خەوخۆش و ئەقڵسوك نیم بە چواردەوڵەتێ نووسین ، کۆنترین و ئاڵوزترین گرفتی مرۆڤایەتیتان بۆ حەل بکەم ، یان هێندە ڕووقایمبم گفتی وەڵامی ئەو هەموو پرسە بۆ وەڵامە وەك هێلکەی پاکراو بخەمە نێو چنگتان . من بۆ هیوا و ڕەشبین نیم ، دەکرێت لەلای ئێمەیش کار لەسەر ئەو پرسەێ ئاڵوزانە بکرێن هەرچۆن لە وڵاتانی پێشکەوتوو خاوەن ئەقڵدا کاریان لەسەر کردەوە . بەڵام دەبێت کەسانی پسپۆڕ و شارەزا هەر وەك تەنی جاڕجاڕکە کاری بۆبکەن ، بەکو رۆژێك دابێت مرۆڤەکان بە ئارەزوی خۆیان بۆ ترس و لەرز نێر و مێ هەرچی لە دێ و

دەرونیاندایە هەی بۆژن ، جا ئەو دەمە هەرکەسە ئازادە لە هەبژاردنی وەامی دڵنشینی خۆیدا . من تەواو تەواو تێدەگەم لەو چین و توژانەی کە دەڵێن زمان ڕەحمەتە سەر ڕەحمەتە . بەڵام پێ بەدەنگ هاوار دەکەم خەڵکی هەژار و دڵسافی خەڵکی پاك و خاوەن ویژدان ، سەرانی تێ سەرانی وڵاتەکەت سەرانی ئەم دونیا گەورەیە ، هەموویان وەامی ئەو پرسیارە چاك دەزانن کە خودایەك بوونی نییە و هیچ کەس نمایندە و پەیامبەری ئەو نییە لەم دونیایەدا .

ئەوە کاری فەیلەسوف و زاناکانە ، باس لەبوون و نەبوونی خودا بکەن ، یان ڕونترب۪م گەر بڵێم بە بوونی خودایەك هەیە ئەوا خودایەك لە نزیك تێ بونی هەیە ، خێ ئەگەر بڵێ بە بوونی خودا نییە ئەوا دڵنیابە هیچ خودایەك لە ئەرز و ئاسمان بوونی نییە . بەڵام تەنانەت گەلەکانیش چاویان لێیە کە بەناو خەمخۆر و سەرۆك حیزب و سەرۆك وەزات و خاوەن پێستە باڵاکان ، چۆن بە درۆ و دەلەسە و بە ناوی خودا و ئایین و مەزهەب ، ئەوەیان کردۆتە پەیژەیەك بۆ سەرکەوتنی خۆیان و گەمژاندنی هەتاهەتای ئەوە . جۆگەی داخە جەنگ و ترس و برسێتی لەو دەقەرە بەدبەختەی ئێمەدا زەمینەیەکی لە بارە بۆ بەردەوامبوونی ئەم هەموو نەهامەتی وباوەکردن بەم چیرۆکە سەیروسەمرانەی دەستی مرۆڤ ، دواجار هۆکاری ترس و تۆقان و ماکاولی خۆی بە دەستی خۆی .

من گەشبینم بەڵام هەرگیز هێندەش گەلێکە نیم ، چاوەڕوانی سەرکردەیەکی باڵا یان نیمچەباڵابم ، کە دەتوانن بەجۆرێ لە جۆرەکان کارێ بکەن لە پێناو ڕزگەریدا و ئەم ڕاستیانە وەك خۆی بخەنە بەر چاو و هزرمان ، ئەوان لە پێناو من و تۆدا ملی خۆیان لە چەقۆ ناسون ، ئەوان سەرکەوتنی خۆیان دەوێت . بەداخەوە تەواوی سەرکردە دڕین و نوێکان ، نەك کارێ ناکەن لەو بوارەدا بەکو ئامادەن لە پێناو دەسەڵات و مانەوەی خۆیان ، میللەت سەد هێندەیتر بگەمژێنن و خاك و خەڵمان هەرزان فرۆشکەن .

کاوە هادی

لەو خۆشیەی کە هەیانبووە! – نوسینی: ئیساک ئاسیمۆف – وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئیدریس مستەفا

ئەو شەوە ، مارجی، لە یادەوەرکەی خۆیدا نووسیتی. لە سوچێکی سەروەی لاپەوەرکە بەرواوری ١٧ی مانی پێنجی ٢٠١٥٥ی لەسەر بوو، نوسیبوی: ئەمڕۆ، تەمی، کتێبێکی راستەقینەی دەزیەوە.” کتێبکی زەر کەن بوو. باپیرەی مارجی جارێکیان وتبوی کاتێک منداڵ بووە باپیری پێی گوتبوو ڕۆژگارێک هەبوو چیرۆکەکان چاپ دەکران لەسەر کاغەز. کتێبەکەیان کردەوە لاپەڕەکانی زەرد و ژەنگاوی ببون، و زەر عەنتیکە بوو ئەو وشانەی لەسەر نوسرابوو کە لەسەر شاشەکان دەبینرێن بەتام نەدەجوان و لە جێیان بوون. کاتێک دەگەڕانەوە بۆ لاپەڕەی پێشووتر کە خوێدنابوویانەوە وشکان هەر لە جیی خۆیان مابوون.

تەمی وتی: “ئەوە چیە! کاتێک کتێبی ئاوها دەخوێنیتەوە و لەی تەواو دەبی قەست دەکەی فڕە بدەیت. لە شاشەی تەلەفزیۆنەکەی ئەمەدا ملیۆنێک کتێبی تیدایە و دەشتوانێ زیاتریش بگرێ، کەجی ناتوانی فڕێی بدەی.”

مارجی وتی: ” ئەوەی منیش وایە. ئەم یازدە ساڵان بوو هەندەی تەمی کتێبی ئەلەکترۆنی نەدیبوو. تەمی سیازدە ساڵان بوو. لە تەمی پرسی: ئەم کتێبەت لە کوێ دەزیەوە؟. تەمی بە کتێبەوە سەرقاڵ بووە، بە ئەوەی سەیری مارجی بکات وتی: لە ماڵی خۆمان ، لە هەورەبانەکە لەسەر ڕەفەکان بوو.” ئەی باسی چ دەکات. مارجی لە تەمی پرسی. تەمی وتی: “باسی قوتابخانە دەکات.”

مارجی بە قەزەوانیەکەوە وتی: مەکتەب؟ چی لە بارەی مەکتەبەو نوسراوە؟ ئەی کە رقم لە قوتابخانەیە.” مارجی زەر رقی لە قوتابخانە بوو، بەتایبەت دوای ئەمە زیاتر رقی لێیە. مامۆستا ئەلەکترۆنیەکەی ماڵەویان چەند تاقیکردنەوەیەکی یەک لە دوای یەکی جوگرافیای دابوو پێی،، بەتام لە هیچیان باش نەبوو بوو. بۆیە دایکی بە بەتاقەتیەکەوە سەیرکی مارجی کرد و سەرکی لەقاند. ناردی بە شوێن کابرای میکانیکدا بۆ چاکردنەوەی مامۆستا کەمپیوتەریەکەی.

کابرای میکانیکی هات، کورتە بالایەکی سوورە بوو، دەڕابەکی سەفری پێ بوو، پێی لە کڕستەی چاکردنەوە بوو وەک وایڕ و دەنەفیسی کارەبایی. خەندەیەکی بە مارجی کرد و سەوکی داپێی و کوتە هەوشانی مامستا ئەلەکترۆنیەکە. مارجی هیوای خواست نەتوانێ بە زوویی چاکی بکاتەوە، بەڵام کابرا توانی مامستا ئەلەکترۆنیە کۆمپیوتریەکە چاک بکاتەوە. شاشەیەکی گەورە و ڕەشی ناشیرین هەبوو، هەموو وانەکان و پرسیار و وەڵامەکانیشی تێدا خەزن کرابوو. ئەو بەشەی مارجی زۆر ڕقی لێ بوو، بەشی خانەخوێندن (هەم-ڕک) و لاپەڕەی تاقیکردنەوەکانی لە خۆگرتبوو. ئەو لە تەمەنی شەش ساڵیەوە، دەبوو یەکبینە هەموویان بنوسێتەوە بە کەدی تابێت ئینجا مامستا ئەلکترۆنیەکە یەکسەر مارکی دادنا لەسەری.
کابرای میکانیکی خەندەیەکی کرد و سەرەکی خەشیی لەقاند دوای ئەوەی تەواو بوو. بە دایکی مارجی وت: "خاتوو جێنس، خەتای کچەکەت نیە کە ئەنجامی باشی نیە. وانەی جوگرافیاکە خەی گرفتی خەرایی هەبوو. ئەم شتانەش هەندە جار ڕوودەدات. کەمەک هەواشم کردەوە بە تەمەنی دەوربەری دە سالی. بە گشتی پڕۆگرامەکان ئەستا باش دەکەن بەڵام." لەگەڵ ئەم قسانەدا دەستکیشی هەنا بەسەر مارجیدا.
مارجی زۆر بە تاقەت بوو چونکە ئاواتی دەخواست مامستا ئەلەکترۆنیەکە لە ماڵەوە چاک نەبوایەتەوە و بیان بردایە بە چاکخانە. چونکە جارەکیان مامستاکەی (تەمی)یان بردبوو بە چاکخانەکە و دوای زیاتر لە مانگێک هەنایانەوە بەی، بەشی مێزووەکەی تەواو خراپ ببوو. مارجی بە تەمی گوت:"بە هەموو کەس لە بارەی قوتابخانەوە دەنوسێت؟." تەمی بە سەرسوڕمانەکەوە سەیرێکی کرد و پێ وت:" ئاخر مەتبەکیان لە هی ئێمە ناچێت هەی بە عەقڵ. ئەو جارەک لە قوتابخانە بووە کە سەدان سال پێش ئێستا بوونی هەبووە." بە دەنگێکی بەند، بە وریاییەوە وشەیەکی گەورەی دەرپەراند "چەند سەدەیەک پێش ئێستا."
مارجی کەمەک بریندار بوو، وتی:"ئاخر من چووزانم ئەوان چ جارەک قوتابخانەیان هەبووە چەندان ساڵ پێش ئێشتا." کەوتە سەر خوێندنەوەی کتێبەکە و وتی:"ئەرێ بە ڕاست مامستاشیان هەبووە." تەمی وەڵامی دایەوە، وتی:"بە دەناییەوە مامستایان هەبووە، بەڵام مامستای ئاسایی وەک ئێمەی نا بەڵکو ئەوان مامستای مرۆڤیان هەبووە." مارجی بە حونەرکەوە وتی:"چی! مامستای مرۆڤ؟ چۆن مرۆڤ مامستا بووە." تەمی وەڵامی دایەوە:"بەڵێ، دەگەڵ خوێندکارە کچ و کوڕەکانیش دەدوا و پرسیاری لێدەکردن و هەمرکیشی دەدانە بە ماڵەوە." مارجی هەر دەیگوت:"ئاخر مرۆڤ ئەوێندە عاقڵ بووە ببێ بە مامستا." تەمی یەکسەر بەی سندەوە و گوتی:" بە

دنیایەو مرۆڤ زۆر عاقڵ بوون. ئێستاش باوکم وەک مامۆستاکەم (مامۆستا ئەلیکتڕۆنیەکە) شت دەزانێ." مارجی گوتیەو:"باوەناکەم. مرۆڤ هەندێ مامۆستاکەی ئەمە شت بزانێ." تەمی گوت:" بەڵێ پەم وایە ئەوەندێ مامۆستاکەمان دەزانێ."
مارجی ئامادەیی ئەو جارە لە گفتوگۆی نەبوو. وتی" من حەزناکەم کەسێک بیتە ماڵەکەمان و دەرسم پێ بڵێتەوە." تەمی هاواری کرد بەسەریا و وتی "مارجی تۆ شت زۆر نازانی. مامۆستاکەیان لە ماڵیان نەدەژیا لەگەڵیان، بەڵکو خانوێکی تایبەتی گەورەیان هەبووە و هەموو منداڵەکان جوونە بۆ ئەوێ خوێندویانێ." مارجی وتی "هەموو منداڵەکان یەک شت فێردەبوون؟." تەمی گوتی "بەڵێ ئەگەر لە یەک تەمەندا بوونایە." مارجی وتی:"بەڵام دایکم ئەڵێ مامۆستا دەبێ ئامادەکرا و جێگیرکرابێت لە شوێنێک کە وانەی جیاواز بڵێتەوە و پێ بێ پەستی عەقڵی هەر کچ و کوڕێکی خوێندکار بێت." تەمی کەمێک گیف بووە و وتی:"ئەوان ئاوها نەیانخوێندووە و مامۆستاش ئاوها وانەی نەگوتۆتەوە. ئەگەر حەزت پیی نیە مەیخوێنەرەوە و تەواو." ئەمە بۆ مانایە نیە من حەزم پیی نەبێ، مارجی یەکسەر وەڵامی دایەوە و ئینجا کەوتە خوێندنەوەی ئەو قوتابخانە سیروسەمەرانەی کتێبەکە باسی دەکات.
هەشتا نیوەی پەرتوکەکەیان تەواو نەکردبوو، دایکی مارجی هاواری کرد: "مارجی کاتی مەکتێبە." مارجی وەڵامی دایەوە: "جارە نا دایکە." دایکی دیسانەوە هاوری کرد و وتی "ئەمە هەر ئێستا. هەروەها کاتی تەمیشە دەبێ بروا." مارجی چاری نەما و زانیتی هەر دەبێ بروات بۆ تەمی وت:" دەتوانم دوای قوتابخانە کەمێ لەگەڵتدا بیخوێنمەوە.؟" تەمی شانێکی بۆ قنجی بۆ هەڵتەکاند و وتی: "بۆ نا." بۆ دەم فیکۆ لێدانەوە کەوتە ڕێ و کتێبە تەزاوەکەی خستە بن هەنگڵیەوە.
مارجی چوو بۆ ژووری قوتابخانەکە کە مامۆستا ئەلکترۆنیەکەی لە دامەزراوە. ڕەنگ لە تەنیشت هەدەی خۆتنکەیەوە بوو. مامۆستای ئەلیکترۆنی کراوە بوو بۆ دەرس گوتنەوە لە کات و شوێنی خۆیدا، تەنها شەمموان و یەکشەموان نەبێت. دایکی پیی وابوو کچان دەتوانن باشتر فێر ببن ئەگەر لە کاتی ئاسایی خۆیاندا بچنە ژووری قوتابخانەکەیانەوە. شاشەکە کرایەوە و دەڵێ: لە پڕۆگرامکەمدا دانراوە کە ماتماتیک وانەی ئەمەمانە. بۆ ئەوەی دەرسەکەمان بۆ ابشی بروات تکایە (خانخوێندن)ی هەمەرکی دوێنێ بخەڕ شوێنی گونجاوی ناو کەمپیوتەرەکە. مارجی بۆ بۆ تاقیکەوە دەستی بۆ خوێندن کرد، بەڵام دەی هەر لای ئەو شەوە قوتابخانە بوو کە لە کتێبەدا باپیرە گەورەی باپیری باسی کردووە کاتێ منداڵ بوونێ. ئەو

کاتانەی منداڵانی دەرودراوسێ کەدەبوونەوە، قسانیان دەکرد و دەتریقانەوە، ڕۆژانە و لە یەک کاتدا بەیەکەوە دەچوون بۆ قوتابخانە. تاوێک لە ناو گۆڕەپانی مەکتەبەکە بەزم و ڕەزمیان دەکرد و ئینجا دەچونە پاڵەوە و دواتر هەموان بە یەکەوە ڕێی مااڵویان دەگرتەبەر بۆ قسەی خۆش و پێخنینەوە. هەموان بە یەکەوە یەک شت فێردەبوون چونکە هەر کەسێو یارمەتی ئەوی تری دەدا لە شتێکدا گەر لایان قورس بوایە و ئەرکی خانوەندنیش ئاسانتر دەبوو. لە هەمووی خۆشتر مامۆستاکان مرۆڤ بوون. لەو کاتەدا گۆڕەپی مامۆستا ئێلکترۆنیەکە فلاشی دەکرد و دەیوت ئەم هاوکێشەیە بنوسەوە. مارجی ئاگای لە دەرس هەر نەمابوو بۆکو هەر بیری لەوە دەکردەوە منداڵان جێندە کاتی خۆشیان بەسەر بردووە لە قوتابخانە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: ئای لەو خۆشیی هەیانبووە!

نوسینی: ئیساک ئاسیمۆف

گۆڤاری کۆلێن ژمارە 7

ناوەڕۆک

- ژمارە حەوت، دواهەمین ژمارەی گۆڤاری "کەلین"ـە
- لە خزمەت "مەم و زین"ی ئەحمەدێ خانیی دا

وتار، هەخنە و لێکۆڵینەوە:

- تراژیدیای ئۆقین لە مەم و زینی ئەحمەدێ خانییدا/ بەرەڤان
- بە ڕوانگەوەبوون، سەرکێشیی و مەیلخوازیانەی "ئارتەر ئامیر"یە/ سەران محەممەدە سووەرە
- وێنەی ئیستێتیکی شیعریی لە (سەمای بەفری ئەواران)ی جەلال بەرزنجی دا/ فەهمی حەمەد حەسەن
- ئازادییبوون لە ڕوانگەی بوونخوازیی سارتەرەوە، لە شیعری بەکر عەلیی دا/ ئاسۆس ساڵح مەحموود

چیرۆک:

- کتوپڕێک ئا/ فریا یونسی

مەلەفی چیرۆك: چیرۆکی چیرۆکنووسانی باشووری کوردستان.

- پیرەمێردی سەربان/ شاو عەبدوڵا
- گوڵانوێی ووحێك/ ئازین فەهمی
- دڵوزمە ڕەشکان/ سەفین موراد
- بووکەڵەی مەدرن/ دابان عەتار
- دایکم منی کوشت/ جەبار عەزیز عەبدولڵەحمان

شیعر:

- سێ شیعری ئەرسەڵان چەڵەبی: (ئەمریکا، لەرکا و کانفڵمیست)
- زەوی لە کەللەی منداڵ کەکێکی یەک شەق نایە../ هاوکار مووسا
- (...)/ ئارام فەتحی
- حیکایەتی ئامزس/ ژیار ئەسوەد

سینەما:

- گفتوگۆیەك دەربارەی فیلمی: هەرشیما، خۆشەویستەکەمان/ لە ئینگلیزییەوە: ئاڤین کامەران
- مێژووی سینەما و یەکەم فیلمی سینەمایی/ لە ئینگلیزییەوە: جاوان حوسێن
- فیلمی (بیرەوەری- Rememory)/ حوسێن نادر

هەڵبجە ئازارێکی بەردەوام … هۆشیارجەمال

لەگەرمی شەڕی هەردوو دەوڵەتی دراوسێ عێراق و ئێران لە لایەك، کە ئازانێ سەدان کەسی لە هەردوو دەوڵەت دەکەرێ قوربانی.هەروا ماوەڕانی و نەهامەتی بە تاك بە کاتی هاوڵاتیانی هەردوو وڵات دەهێنا، لەلایەکی تریشەوە شەڕی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان لەگەڵ حوکومەتی عێراق، کە لە لایەن سەدامی دیکتاتۆرەوە بەڕێوە دەبرا، کە بە هەی ئەوەی بەشکی زۆر لە سەرکردایەتی سیاسی ئەو کاتی کورد خوێندنەوەی وردیان بە دەخەك

نەبوو.

هەربەیە بوونە بەشێک لەو ململانێ و شەڕە سەختەی بە ماوی هەشت ساڵ بەردەوام بوو. هەربەیە قەزای هەڵەبجە بە شەوێکی کاتی کوتە دەست بەشێك لە هێزی پێشمەرگە، پاشان ژەمی سەدام بەشێوەیەکی دڕندانە کوتە بەردومانکردنی شارەکە بە چەکی کیمیای قەدەغە کراو. کە لەچەند خولەکێکدا زیاتر لە (٥) هەزار کەسی شەهید کرد و هەزاران کەسی تری بریندارکرد.
بریندارەکانی چەکی کیمیاوی، لەجیاتی چارەسەر لە نەخۆشخانەکانی عێراق، هەوانەی هەژهەژاتی کوردستان و وڵاتانی ئێران کران. کەتا ئێستاش ژیانی بەشێک لەو بریندارانە و کەسوکاری شەهیدان لەژێر کاریگەری ئەو کیمبارانەی ئەو کاتدا ماوە.
ئێستاش کە (٣٢) ساڵ بەسەر کیمیبارانی هەڵەبجە دا تێپەڕیوە، سەرباری ئاوەدانی شارەکە و کردنی بەشێک لەپرۆژە خزمەتگوزاریەکان بە شارەکە. هەروەها کردنی شارەکە بە پارێزگا، بەڵام ئەو شارە بریندەکە سارێژنەبووە، ئازارێکی بەردەوامە. چونکە خزمەتگوزاریەکانی هەر لەئاستی پەداویستیدا نین. ئەمە سەرەڕایی بوون بە پارێزگا هیچ سیمایەکی شاری پێوە دیار نیە. تەنها ناوە و لایەنە سیاسیەکانیش لەجیاتی خزمەتکردنی شارەکە لەگەڵ نوێنەرانیان لە حوکومەتەوە، شارەکەیان کردەتە شوێنی ململانێی سیاسی و لەبەرانبەردا خەڵك قوربانی دەدەن.
هەروەها تائێستا حوکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانیوە وا لە حوکومەتی عێراق بکات قەرەبووی کەسوکاری شەهیدان و بەرکەوتوانی چەکی کیمایی لەو شارە بکاتەوە.
سەرباری ئەوەی حیزبەکوردیەکان لەزەربەی وڵاتانی جیهان و ئەوروپا نوێنەرایەتیان هەیە و ساڵانە پارەیەکی زۆری بە تەرخان دەکەن. بەڵام وەک پێوست کاریان بە کەیسی هەڵەبجە نەکردوە بە ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان وەک جینۆساید بیناسێنن.
بەبەوای من ئەمساڵ بە خەڵکی هەڵەبجە هیمای خۆشحاڵیە! چونکە بەهەی مەترسی کەرناوە هیچ یادەک بەهەی تێپەرینی(٣٢)ساڵ بەسەر کیمیبارانکردنی شارەکەدا ناکرێتەوە.
هەربەیە ئەمەش وا دەکات کە نەکردنەوەی یادەکە هاوشێوەی ساڵانی ئابوردوو، پارەیەکی زەر نەخورە و گەندەڵی تێدانەکرێت و دواتر بە خزمەت بەشارەکەی بفرۆشنەوە. هەروەها بەڵێنی گەورەی بە ناوەڕۆك بەخەڵکی شارەکە نەدرێت کە دواتر بەدەنیاوە هیچی لە جێبەجێ ناکرێت.

بەچی دادگای باڵای تاوانکانی عێراقی تاوانی کۆمەکوژی پێشمەرگەکانی گوردانی شوانی شاردەوە ؟ … عەلی مەحمود محەمەد

ر ش ر ناسراو بە ر ر سەرکردەیەکی کۆمەڵ, سکاڵا لەسەر حکومەتی ئێرانی بەرامبەر بە تاوانی کۆمەکوژی 71 پێشمەرگەی گوردانی شوان لە چوارچێوەی تاوانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لای دادوەری لێکۆڵینەوەی لقی سلێمانی دادگای باڵای تاوانکانی عێراقی تۆمار دەکات لەسەر ناوی سازمانی کوردستانی حکا ناسراو بە کۆمەڵە" سکاڵاکە لای من پارێزراوە", بە پێی وتەی وەرگیراوی سکاڵاکەر 60 پێشمەرگەی کۆمەڵە لە میانی تاوانکە گیان بەخت دە کەن و 11ش وەك دیل دەکرێن دواترلە زیندانی شاری سنە ئیعدام دەکرێن, کە بەخێی ئیعدام کردنی دیلی جەنگ تاوانکی دیکەیە بە پێی ڕێکەوتنامەی جنێف, "پشتر لە گەڵ دادوەری بەڕێزی ناوبراو ك ع ر گفتوگۆمان لەوبارەیەوە کردبوو وە زانیاری پێویستمان خستبووە بەردەستی", ئەو تاوانە وەك کات و جوگرافاو ئێکترەکانی تاوانی هەڵەبجە دەچنە چوارچێوەی هەمان تاوانەوە, پاش وەرگرتنی وتەی ناوبراو لە چوار لاپەڕە بە ژمارەی " 2202,203,2204,2205 " لە دەسپێی ئامادەکراو بە دادگای باڵای تاوانکان , وەك سکاڵا خرایە ناو دەسپێی تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەوە , دەبوایا لە کاتی دادگای دەسپێی هەڵەبجە بەشەك بوایە لە پرسەی دادگاییەکە, لە کاتکدا تاوانی ناوبراو بە پێچەوانەی تاوانی کیمیابارانکردنی شاری سەردشت لەسەر زەوی عێراق و لە چوارچێوەی تاوانی هەڵەبجە لە روی جوگرافیاو کاتەوە روی دابوو,بە هەموو پێوەرەك دەبوایا سکاڵاکە پەسەند بکرابایا و بچوایتە دەستوری کاری دادگاوە,کەچی بە پێچەوانە فەرامۆش کرا بەهەی نا سەربەخێیی و سیاسی بوونی خودی دادگاکەوە, تەنانەت نەك سکاڵاکەر بانگ نەکرا بە دادگا وەك هەموو سکاڵاکەرانی دی دەسپێی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە کاتی دادگا , بگرێ لە

دەسیەکی دەرکراو وەک هامیش نەدرایەوە بە رەتکردنەوەش , لەوکاتانەدا بە دواداچوونم بۆی کرد بەڵام بە هودە بوو, دیارە هەمان دەسیە لە کاتی دادگایکردنی فرانس قان ئانرات لە وەاتی هەندا کاك م ب م برد بەڵای داواکاری گشتی هەندا بە سکااکردن لە کەماری ئیسلامی ئیران لەوەش دەسیەکیان پەسەند نەکرد, بەهۆی بەرلەکەوتنی بەرژەوەندییەکانی هەردوو وەاتەوە.

تاوانی شەهید کردنی پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات " کەمەڵە , سوپای رزگاری و حیزبی دیموکرات.." لە کاتی ئەنجامدانی تاوانی هەڵەبجە, تاوانێکی نەونەتاوەییەو کات و شوێن ناتوانێت دەسیەکە دابخات, لە هەر کات و شوێنێك دەتوانرێت بهێنرێتەوە بەر رۆژف بە نموونە سکااکردن لە دادگایەکی وەك وەاتی ئەرجەنتین , ئەم تاوانە بەشکە لە تاوانی هەڵەبجە و دەبوایا ئێستا ناوی ئەو قوربانیانە لە پاڵ ناوی قوربانیانی هەڵەبجە جوت بکرابایا لەناو مەنمەنتی هەڵەبجە و هەموشیان لە گۆڕستانە رەمزییەکە کەلی تایبەتی خەیان هەبوایا, وەك ئەو پێشمەرگانەی لایەنە بەشداربووەکانی باشور کە لەو رۆژگارەدا گیانیان بەخت کرد, لە پێناو خوونە ناشرینەکانی سەرکردەکانیان, هاوکات لایەنە بەشداربووەکانی شەڕی هەڵەبجە لە " ینك, پدك, حسك, بزوتنەوەی ئیسلامی, مەجلس ئەعلاو حیزبی دەعوە.." , بە فەرمی داوای لەبوردنیان لێبکردبایا بەهۆی ئەوەی بە ئاگادارکردنەوەیان خستیانیانە ناو جەهەنەمی شەڕکەوە, بە تایبەت " کەمەڵەو رزگاری" بەهیچ شێوەیەك لە بیارە ئاگادار نرکراونەتەوە لە شەڕکە بە پێچەوانەی هەندك باوکراوەی هەندك بەرپرسی باشور, وە پێویستە قەرەبووی کەسوکاریانیان بکرێتەوە وەك شەهیدی هەڵەبجە لە روی قەرەبووی مەعنەوی مادی تەمار بکرابانایاو مەنمەنتکیش

بە قوربانیانی رۆژهەڵات لە گۆڕستانی شەهیدانی هەڵەبجە دروست بکرابایا.

عەلی مەحمود محەمەد بەرواری 9-3-2006

کورتە چیرۆکی – پاقلە … هاشم عەبدوڵا

ئەوەی لە بازاڕ دوکاندارەکان بەزار دەکا کەمفرۆشی و بە موشتەریە ، بەڵام ئەوەی لە کتێبفرۆشی بەزاری دەکردم سیرەی پاقلە فرۆش بوو هەفتەی جارێک وەک مێندوب دوکانەکانی کتێب فرۆشی بەسەر دەکردەوە ئەو کتێبانەی خوێنەریان کەمبوو کتێبفرۆشەکان پێیان دەدا ئەویش بەکاری دەهێنا دەیکرد بە زەرفی قوچەکی و پاقلەی تێدەکرد بە کەیارەکان تەنها من کتێبم پێ نەدەدا سەیرەکی دەکردم و کە دەیبینی گرنگی زەر بە کتێبەکان دەدەم بە گاڵتەوە دەیوت "مامۆستا لەرە ئەوانەی قازانج لە کتێب دەکەن پاقلە فرۆشەکانن نەک نوسەرەکان" بەتامی پاقلەکەی ساردی دەکردمەوە لە تووڕەیی .
دەمەو عەسرێک سیرە لە پێش دوکان بە دیارکەوتەوە داوای پاقلەم لە کرد بەدەم پاقلە خواردنەوە خەریکی خوێندنەوەی پەڕە قوچەکیەکەی پاقلەکە بووم خوێندنەوەی سەرنجی ڕاکێشام هەستم کرد ئەم نوسینەم پێشتر خوێندۆتەوە سەیری کتێبی سەر عەرەبانەکەم کرد جگە لە پەڕەکەی نەو دەستم سێ پەڕەی تری لە بەکارهێنابوو
-"سیرە کام کتێب فرۆشی سەرخۆش ئەم کتێبەی پێدای؟"
سیرە سەیرێکی کتێبەکەی کرد
-لەرە نەمهێنا پیاوێکی پیر پێیدام .
ئەو ڕاڕە لە بری بەزارکردنم پرسیاری لە مەشکم دروست کرد سەرنجی ڕاکێشام چونکە کتێبەکە یەکێک بوو لە باشترین و پڕفرۆشترین ڕۆمان کە باس لە قارەمانێکی جەنگ دەکا توانویەتی لە جەنگ ڕزگاری بێت و بگەڕێتەوە نیشتیمان، وەک لەکەڵەرێک کەوتمە پرسیارکردنەوە
-هەر ئاوا بە خۆڕای ؟

- لە کوێ پێی دای؟

سیرە کە خەریکی سەروبن پێکردنی پاقلە بوو ڕوی تێکردم
-لە کۆتانیک پێاوێکی شەل منداڵەکەی داوای پاقلەی کرد پیاوەکەش پارەی پێ نەبوو منیش دەم پێی سوتا جێێک پاقلەم بە خۆڕایی پێی دا پیاوەکە زەر دەی پێخۆش بوو سوپاسی کردم ڕۆشتەوە ماڵەوە هاتەوە کەڵەان ئەو کتێبەی پێدام .
-سیرە ماڵەکە پێ دەزانیەوە؟
سیرە سەیرێکی کردم وەک ئەوەی ماندوو بە لەم پرسیارانە
-بەڵێ بەڵام بەچی لات بێتە موزوع و لەی دەکەیەوە؟

-سیرە ڕەنگە ئەو پیاوە بەستەزمانە کتێبی چاک و زۆری هەبێ با لە دەستمان نەچێ دەترسم لە بە پارێیان هەمووی هەراج کا عەرەبانەکەت لەرێ بە جێ بهێلێ لەلای دوکانەکەم خەراکە با بەینە ماڵەکە.
سیرە بە تکا لێکردنەوە
-مامەستا ئەستا زۆر ماندومە با بڕیانی بچین.
-دەم مەشکێنە ئەو جارە ئیشم پێت بووە.
هەرچی پارە هوبوو لە دوکانەکم هێنام سیرەم ڕازی کرد و بە پێشە خەم دا ڕەیشتین بە ماڵی پیرە پیاوەکە لە دەرگامان دا پیاوەکە دەرگای کردەوە سیرەی ناسیەوە بەخێرهاتنی کردین دانیشتبوین سیرە بەهای پێشکێشەوە لەگەڵ منداڵان هاوڕێیە منداڵی پیاوەکە لەگەڵ سیرە قسەی دەکرد منیش لە ماڵەکەم دەڕوانی ماڵێکی زۆر بە سەروبەر بوو هەژاریان پێوە دیار بوو هیچ کتێبکیشم نەبینی بەخەم نەوەستام و یەکسەر چومە سەر بابەتەکە
-کتێبەکەم بینی تۆ بە سیرەت دابوو دیارە کتێب دەخێنیەوە مامە گیان؟
پیاوەکە بەدەم پێچانەوەی جگەرەوە وەڵامی دامەوە
-نەخێر من کتێب ناخوێنمەوە تەنها ئەو کتێبەشم هەبوو پیاوێک بەدیاری پێیدام .
کە کتێب ناخوێنیتەوە بۆچی دیاری لێم شۆڕیان بە هێنای پیاوەکا کە بوو ؟
-نازانم ئەفەندیەک بوو چەند ساڵێک لەمەو بەر زۆر دەهات بە ماڵەکەم دەی وت باسی ئەو نەهامەتیانەم بۆ بکە کە بەسەرت هاتوون لە جەنگ دا قەڵەمێک و دەفتەرێک لە دەست بوو هەر قسەیەکم دەکرد دەینوسیەوە گرنگیەکی زۆری پێ دەدام من پەموابوو فەرمانبەری حکومەتەو بە بەدواداچوون و قەرەبوکردنەوە پاداشت کردنی لەقەوماوانی جەنگ هاتووە منیش هەموو ژیان و معاناتی خەمم پێ دەوت دواین جار هات کتێبکەی بە دیاری پێدام و بگەڕمی دەقەی لەگەڵ کردم و پێ وتم جێگای شانازی بۆ وەتەکەمان کتێبکەش هەر لە ماڵەوەم دانابوو هەستم کرد هیچ سودێکی بۆ من نیە بۆ پاقلە فرۆشم دا تا پاقڵەی تێبکا و سودێکی بۆ ئەو هەبێ .
بە گرنگیپێدانێکی زۆرەوە گوتم لە پیاوەکە گرت پاش ئەوەی لە قسەکانی تەواو بوو سەیرێکی پیاوەکەم کرد لە بابەتەکە تێگەیشم حەوسەڵەی دانیشتنم نەما هەرچی پارەم پێ بوو بە پیاوەکەم دا پێم وت سەیرێکی کردم بە سەرسوڕمانەوە پێم وت

-تکایە بەبێ ئینکاری کردن وەری گرێ هەمومان لێم نیشتیمانێ قەرزاری ئەوەی قارەمانین.
بە سیرەم وت "درەنگێ ئەوارێ هات بابێنەو"خواعافیزیمان لێ پیاوەپیرکە کرد و لێ ماڵکە هاتینە دەرەوە لێ ڕێگا بیرم لای چیڕۆک نوسی بەستەزمان بوو کە هەوەی دابوو واقع بنوستەوە لێ ڕێگەی نوسینەوە ناتوانی پاڵەوانکان لێ مەینەتی دەربهێنی بە هەموو هەستناسکیەوە هەوبەدەی لێ دەرون و خولیاو ئاواتەکانیان ناگەی ئەوەی قارەمانەکە دیویست ستایش و ناوبانگ نەبوو، بە درێژای ڕێگای گەشتنەوە بازاڕ بیرم لێمە دەکردەوە گەیشتینەوە بەردەم دوکانەکە سێرە چوە لای عەرەبانەکەو کتێبەکەی دەست دایە سەیرکی کردم ویستی کتێبەکەم پێبدا ئەو چەند پەڕەی کە لێ کتێبەکە لێکرا بوە هەستی جوڵاندم کە لێبنەڕەتدا ئەم کتێبە چەند پەڕەکی کەمە بیرکەی ئەوەی لا دروست کردم کە پەویستە کەتاییکی جوانی بە دروست بکرێ پەویستە قارەمانەکە لێ کەتایی دا دڵخۆش بەدیارکەوەی بە سیرەم وت " بوستە نەڕەی" چەند کتێبکی ڕەمانوسی ئەفەندیم لێ دوکانەکەم دا هەبوو بە سیرەم دا بە ئەوەی بە پاقلێ فرۆشی بکاری بێنێ هیچ پارەیکم لێ وەرنەگرت لێ بری پارێ داوام لێکرد هەموو ڕۆژک بە خڕایی پاقلێ بدا بە منداڵی پیاوەپیرکە .

هونەری کەلاژ، مەژوو .. تەکنیک .. ئەزموون … نووسینی نەژاد عەزیز سورمێ



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ...

گووتاری پۆپۆلیستی و خوونی بچووکی ڕۆشنبیرانی کورد … ستیڤان شەمزینانی



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ...

ڕۆشنبیری ڕاستی کێیە؟ ... ڕزا شوان

لە دەستپێکی ئەم نووسینەدا، پێویستە ئەوە بڵێین کە ڕۆشنبیری پێویستی بە بڕوانامەی ماستەر یا دکتۆرا یا نومرەی باڵا نییە.. ئەوە ناگەیەنێت ئەوەی بڕوانامەی نەبێت، ئیتر ڕۆشنبیر نییە.. ڕۆشنبیری بە پسپۆرییەکی دیاریکراوەوە نەبەستراوەتەوە، کە پێویستە بیکەی بە پسپۆریت بە ئەوەی ببیت بە ڕۆشنبیر.. پێویستە بزانین کە ڕۆشنبیر کێیە؟

هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکانی جیهان دەتوانێت مامۆستا، پزیشک، ئەندازیار، ئەفسەر، پیشەکار لە هەموو بوارەکانی زانیاریدا دروست بکات.. بەڵام ناتوانێت بە ئاسانی نووسەرێک یا شاعیرێک یا ڕۆشنبیرێک یا هونەرمەندێک دروست بکات. چونکە ئەم پیشەسازییە، بڕیتییە لە بەهرەی خەڵاسکی، کە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایک دەبێت. بە درێژایی ڕۆژگاریش ئەم بەهرانەی گەشەدەکات.. بەهرەمەندان دەبنە خاوەنی خەیاڵ و بیرکەرەوە و داهێنان و بەخشین.. تا دەگەنە پلەی ڕۆشنبیری.
ناتوانین وشەی یا زاراوەی"ڕۆشنبیری" بخەینە پاڵ هەرکەسێکی فێربوو و خوێندەوار،
یا هەرکەسێکی خاوەن بڕوانامەی بەرز و باڵا و بڕوانامە بکەین بە پێوەر بە ڕۆشنبیر، یا هەرکەسێک چەند پەرتووکێکی خوێندەوە، یا هەرکەسێک هەشت نە بابەتی نووسی و بڵاویکردەوە، یا هەرکەسێک لە سەر و چوار دیداری تەلەفزیۆنیدا دەرکەوت.. ئیتر بە ڕۆشنبیر ناوی بەرین.
ڕۆشنبیری ڕاستی، پێویستی بە کەمێک مەرج و خەسڵەتی ڕۆشنبیریە.. خوێنەران و خەڵکیش لە میانەی بەرهەمە ڕۆشنبیریەکانی و داهێنانکانی و ڕەفتارکانیەوە، بیاری ئەوە دەدەن کە ئەو کەسە شایەنی ئەوەیە کە بە ڕۆشنبیر ناوزەند بکرێت، یا بە کەڵکەڵۆشنبیر یا بە ناڕۆشنبیر ناوببرێت.
بداخەوە کە لە ئەمڕۆدا لە کوردستاندا، بە ڕاست و بە چەپدا وشەی ڕۆشنبیری دەبەخشێنەوە.. خراوەتە پاڵ ناوی چەندین کەسانی هیچ لەبار، کە هەموو شتەکن بەس ڕۆشنبیرنین، سەرەڕای سەرژ لە مانجەکدا بیان کوێنن، دەپەک ڕۆشنبیریان لێنایەتە بەرهەم.

هەر کاکێک، کەمێک پەرتووکی خوێندەوە و لە سێ دیمانەی تەلەفزیۆنیدا دەرکەوت و هەشت نە قسەی باق و بریقی کرد و چەند دریەکی شاخداری هەڵەشت، چەند
چەند نووسراوێکی کرچ و کاڵی بەاوکردەوە، لە دوو کەنکدا بەشداری کرد.. ئیتر خێی بە ڕەشنبیر ناودەبات. هەندێش فیزل و لەخۆبایی دەبەت، ئەفلاتوون و ئەرستۆ و پیرەمەردیش بە شاگردی خێی نازانەت.. ئا ئەمەیە پەتای ڕەشنبیری لە کوردستاندا.
ڕەشنبیری راستی ئەو کەسەیە، کە توانا و بەکگراوندێکی ڕەشنبیری باشی هەیە. بە هەموو واتای وشکەوە، کەسێکی نوێخواز و گەڕانخواز و داهێنەرە. توانای داهێنانی ڕەشنبیری هەیە.. کەسێک کە خووی بە خوێندنەوەوە گرتووە، خوێندنەوە بووە بە بەشێک لە ژیانی.. بە دابەڕان بابەتی هەمەجۆرە دەخوێنێتەوە. بە شێوازێکی ڕاست و دروستیش سوود لە و زانست و زانیارییانە وەردەگرێت کە دەیانخوێنێتەوە. بە وردیش لێکدانەوەیان بە دەکات، بە شێوازێکی لەژیکیش سەرنج و ڕوانینی خۆشی لە بارەی ناوەڕۆک و بیرکەکانی بابەتکانەوە دەردەبەت. هەستیش بەوە دەکات کە ڕەشنبیری ئاسە و سنووردێکی دیاریکراوی نییە.. بەکو ڕەشنبیری کانییەکی ئاو زوڵاڵی هەمیشە خووە و لەبەڕی دەوات و لێدەخورێتەوە و وشک ناکات.
ڕەشنبیری ڕاستی، کەسێکی هەشیارە و ویژدان زیندووە، خاوەنی هەوەست و بیر و ڕا و بۆچوون و تەوانینی خۆیەتی.. بەوا و متمانەیەکی زۆریشی بە تواناکانی خێی هەیە.
ئاگاداری پشکەوتن و گەڕانکاریەکانی سەردەمکەیەتی.. ئاگاداری ئەو بارودۆخەیە کە گەل و نیشتمانکەی پێیداتەدەپەڕێت..
ڕەشنبیری ڕاستی، کەسێکی تووندڕەو و کڵۆڵ و دەماگیر نییە، خێی ناسپەندێت، کەسێکی کراوەی میانەڕەوە، بیرفراوان و قووڵە. ڕەز لە ڕا و بیرکە و بۆچوونی جیاوازی کەسانی تر دەگرێت.. بە شێوازێکی لەژیکی و دروستیش ڕەخنە دەگرێت و هەستی کەسیش بریندار ناکات.. کەسێک هەموو بیرکەکان دەخوێنێتەوە، گوێ بە هەموو ڕاو و تەوانینکی جیاوازیش دەگرێت. هەموو ئەو بابەتانەش کە دەیانخوێنێتەوە یا گوێی لێاندەبێت، بە وردی شیان دەکاتەوە و لێکیان دەداتەوە و بیر و ڕا و ڕوانینی تایبەتی خێی لەبارەیانەوە دەبێت.

ڕەشنبیری ڕاستی، کەسێکئ ئازادە و خاوەن هەوەست و پرەنسپێکی نەگۆڕە، ناچێتە ژێر ڕکەفی ئایدەلۆژیایەکی تەسکی سنووردار و لایەنداری داخراوەوە، کە نەتوانێت سنوور ببەزێنێت و نەتوانێت

بە ئازادی گوزارشت لە را و بۆچوونەکانی بکات.. ئازادی بە رەشنبیر، فاکتەرێکی پێویست و گرنگە، چونکە رەشنبیر بەبێ ئازادی رەشنبیر نییە و ناتوانێت بە راستی و راشکاوی گوزارشت لە هیوا و خەون و بۆا و پرەنسیپەکانی بکات.. رەشنبیر لە میانەی ئازادییەوە، ئاسۆکان لە بەردەمیدا واڵا دەبنەوە و کۆش و هەوایەکی گونجاویشی بۆ داهێنان بۆ دەخسێت، بۆ دڕبینی ئەوەی کە لە ناخی دایە.
بوونی ئازادی و دیموکراتی و بوونی سەقامگیری سیاسی و ئابووری و ئارامی و ئاسایش، فاکتەری سەرەکین و پاڵنەر و هاندەرن بۆ ئەوەی رەشنبیر بەبێ ترس و چەکەرە گوزارشت لە هەزر و لە بۆچوون و بیرکۆکانی بکات.
رەشنبیری راست، کوردستان پەروەرێکی دەستەز، لە ئاستی کێشە و ئازارەکانی نەتەوەکەیدا.. بڵایەن نییە و دوورپەرێز ڕاناوەستێت و نابێت بە تەماشاکەر. بەڵکو بە پێچەوانەوە، خەی بە رەنگ و دەنگی گەلەکەی دەزانێت و سەرسەختانە داکۆکی لە مافە ڕەواکانی دەکات، لە دووتوێی هەزر و بیریدا، کۆشکان و خەم و ئازارەکانی گەلەکەی لەکەڵ کردووە.. بۆ ئەوپەڕی توانایەوە خەبات دەکات و دەجەنگێ.. خاوەنی پرۆژەیەکی رەشنبیریە بۆ هۆشیارکردنەوە و بۆ ڕاپەڕینی گەلەکەی لە نەزانین و دواکەوتن چەوسانەوە و وژەردەستی، لە خەو رایان دەپەڕێنێت و بەرەو ئازادی و رزگاری پێشیان دەکەوێت و دەبێتە هەڵگری پەیامێکی پیرۆز، دەبێتە باڵەزی نەتەوەکەی و پێشڵکاریێکان و تاوانکانی داگیرکەرانی کوردستان بۆ گەلانی جیهان دەگەیەنێت.
رەشنبیری راستی، هەرگیز سازش لەسەر پرەنسیپەکانی ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری و یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ ناکات.. ئازا و دڵێر و چاونەترس، لە چاوسووركردنەوە و هەڕەشەی داگیرکەرانی کوردستان و دەسەڵاتدارانی خەسپێن و ستەمکاران سەناکاتەوە.. ئامادەشە کە باجی ئەم هەڵوەستانەی بدات.
چاو لە گەندەڵی و لە دزینی سامانی گەلەکەی و لە پێشڵکاریێکانی ناپێشت و بەدەنگ نابێت، هەردەم دژی پێشڵکاریێکانی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و منداڵان دەوەستێتەوە. پەردە لەسەر تاوانکان و کارە دزێو و قێزەونەکان هەڵدەماڵێت و رسوا و شەرمەزاری تاوانباران دەکات و نەفرەت بارانیان دەکات.
رەشنبیری راستی، لەوانەیە کە کەمەگەکەی بە یاخی بوو لەو راستییەی هەیە و لە سەردەمەکەی بزانن، کەمەگە بە وشکی ڕەفتاری

لەگەڵدا بکەن و یان گاڵتەی پێبکەن، لەوانەیە بە هەی بیرکەوە دژە باوکانییەوە، یا وەستانەوەی لە دژی ئەو نەریتە بەماوە بەسەرچوانەی کەمەگەکەیەوە، لەمە و نەفرەتیشی بکەن.. بەڵام رۆشنبیری راست بە رەخنەگرانی زەر و بە کەمی لایەنگرانی کاری تێناکەن، گرنگ بڵایەوە شکاندنی بەستەک و گەیاندنی ئەو پەیام و ئەو بیرکانییەتی، کە بەرە و گەڵان و داهێنان و هەناندی داهاتوویەکی باشتر بە کەمەگەکەی ئاراستەیان دەکات..
چونکە رۆشنبیری راست و هۆشیار، خەی بە وێژدان و بە ئۆقرەی نەتەوەکەی دەزانێت، کە هەست بەوەش بکات کە هەڕەشە لەسەر مافەکانی گەلەکەی هەیە و کەمەگەکەی سەرکووت دەگرێت، دەستەوەستان و بێدەنگ و بێهەڵوێست نابێت.. رۆشنبیری راست هەگری راستییە لە رووی زەرداریدا.. هەگری چرایە لە تارکیدا.. خەنجەرکە لە رووی ناڕەواییدا.
رۆشنبیری راستی، نابێت خەفرۆش و قەڵەمفرۆش و بەکرێگیراوبێت، بە پارە و گیرفان پەکردن و پاڕووی چەور و دەستکەوتی تایبەتی، خەی بدەنە و راستییەکان هەبگەتەوە، لە ئاستی ستەم و زەرداری و تاوانکانی تاوانباران و گەندەڵی و دزی و پشێلکارییەکانی دەسەڵاداران، خوی کوەر و کەڵ و لاڵ بکات و پشت لەگەڵەکەی بکات.
یا ببێت بە تەشیەس و شان تەکەن و پیاوداناری دەسەاتداران، ببێت بە زوناژەن و چەپەڵەدری گەندەکاران و مافیا و دزکانی سامانکانی گەڵەکەمان، ستایشیان بکات و بە بە ناەوا بە شان و باڵیاندا هەبدات.. مامحەمەییان لەبەردەمدا بکات.
تا ئەمەش کەمەگەی کوردیمان، بە دوای ئەو رۆشنبیرە راستی و دەسەز و ئازا و هۆشیارانەدا دەگەڕێت ـ کە زەر کەمەن ـ تا چرای رۆشنبیری کوردی بەرزبکەنەوە و پێشی جەماوەری گەڵەکەمان بکەون و ببن، بە دەنگ و رەنگی راستی کورد. لە رەگای زانست و زانیاری و هەزری نوە و داهێنانەوە، نوەخوازی و گەڕانکاری ئەنجام بدەن و کەمەگەی کوردیمان راپەڕێنن و پێشی بخەن..
مژدەی بنیادنانی داهاتوویەکی گەشتر بە کورد و کوردستان رابگەیەنن.
میللەتەکەمان چەن دەتوانێت راپەڕێت و لە شکستی هەبستەوە و لە چەوساندوە و کوەڕەوەری وناهەمواریەکانی و لە پەرتەوازەیی و ململانێی حیزبە دەسەاتدارەکان رزگاری بێت.. گەر رۆشنبیرانی هۆشیار و دەسەز و کوردستان پەروەری بە راستی نەبنە رابەری راپەڕین و بە چرا هەگری رۆشنبیری.

لە ئەمڕۆدا، دەسەڵاتدارانی کوردستان و بەرپرسانی باڵای پارتە سیاسیەکان لە کوردستاندا، بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراوی لە بەرژەوەندی خۆیان و بنەماڵەکانیان، بە قورخکردن و خەسپاندن و درێژدان بە مانەوەیان لە دەسەڵاتدا.. پارێزەری زۆری میللەتەکەمان بە کۆینی ڕۆشنبیران و کەسکۆ ڕۆشنبیران و نووسەران و میدیا و ڕاگەیاندنی بەکرێگیراو لە پارێزی گەلەکەمان خەرجدەکەن.. بە ئەوەی بە شان و باڵیاندا هەبدەن و ستایشیان بکەن، وەکو کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا بیاناسن و ڕەوایی بە دەسەڵاتیان بدەن و بیانخەنە سەرووی یاساوە.. لە کاتێکدا کە ئەمانە کەسانی نەشیاون و شوێنی شیاویان قورخکردوون.. کەمەک کەسانی فشەڵی هیچ لێبارن.. ئەم کەسکۆ ڕۆشنبیر و نووسەرانە، ڕەشکی ناپاک و قەزەوانیان هەیە. لە پاپشتیکردنی ستەمکاران و گەندەڵکاران و دزەکانی دەسەڵات.. بوونە بەشێک لە ئەوان و بە بەشێک لە تاوانەکانیان دەرهەق بە گەلەکەمان.
پەم وایە، جاشی قەڵەمفرەش زۆر ناپاکتر و مەترسیدارترە لە جاشی چەکهەڵگرتوو.
خوێنەرانی دەسەز و کەسانی هەشیاری گەلەکەمان، دەتوانن بە ئاسانی ڕۆشنبیرانی ڕاستی و دەسەز لە ڕۆشنبیرانی درۆزنە و خەفرۆش و بەکرێگیراو جیابکەنەوە.
لە کۆتاییدا حەزدەکەم ئاوڕ بدەمەوە، زۆرم پێخۆشە کە گەلی کوردمان ببەت بە خاوەنی هەزاران ڕۆشنبیری ڕاستی و دەسەز و پاک.. بەڵام ئەوانەی پێیان دەڵێن ڕۆشنبیر، کە بە ڕاستی ڕۆشنبیرێن و لە ئاستی پیرۆزی ئەم وشەیەدان و بزانن کە چ بەرپرسیارێتییەکی گرنگ و چارەنووسازیان بەرانبەر بە ئەمڕۆ و بە داهاتووی کورد و کوردستان لە ئەستۆ دایە.. پێویستیشە بە کرداری و بە ئەنجامیش ڕۆشنبیری و دەسەزی خۆیان بسەلمێنن.

ڕزا شوان
نەرویج: ١٥/ ئادار/ ٢٠٢٠

کۆنا و گەندەڵی ... ئاری زەندینی

حکومەتی هەرێمی کوردستان گەندەڵی و بێباکیەکەت بەتام و عەیب بووە بەڵام لە سایەی حوکومداری تۆ وشەی عەیبەش عەیب نیە, زۆر ترسناکتری لە پەتای کۆرۆنا کۆنا پەتاییەکە دڵت و دەڕوا ململانێی ژیانە لەسەر زەوی هەروەکو پەتایەکانیتر سروشتییە ! وا مەزانە لەبەر کۆرۆنا تۆمان لە یاد نییە لە ناو قەبریش تا چل رۆژیش گۆشتمان نامێنێ هەر باست دەکەین تۆ بەو هەموو شان و شەوکەت و ناوبانگیە بە درۆ و دەلەسە ناتوانی منێکی هاوڕاتی و مامۆستا ڕازی بکەی کەچی غەدرمان لێدەکەی , لە شایدا لە زەماوەندا لە شین و گۆڕان لە سەرە مەرگ و ئاویلکەدان و شەو تا ڕۆژ دەبێتەوە هەر تۆم لە بیرە ئەی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

لە پەتایی کۆرۆنا هەر مەجال وەردەگری ئەی زاڵم چەندی پێت بکرێت موچە دوادەخەی بەس بزانم تۆ چیت بە چی خۆت دا هەڵدەڕێی , ململانێی ئێمە و تۆ زۆر سەختترە لە پەتای کۆرۆنا , دەردەسەری پاشەکەوتی موچە و دواکەوتنی موچە سەرباری کەمی خزمەتگوزاری و نەدانی نەوت و بێ قانوونی لەم هەرێمە , کۆرۆنا لە سەرووی 28پلە گەرمی نامێنی و بەهێز دەبێت بەڵام تۆ لەسەرووی 100پلەی گەرمی فەهرەنهایەتی بەهێزتر دەبیت بەرامبەر فەرمانبەران و مامۆستایان و خەڵکی کەمدەرامەت , دەتوانم و دەزانم خۆ بپارێزم لە کۆرۆنا بەڵام نازانم چۆن خۆم لە تۆ نەجات بدەم و قورتارکەم , پێوستم بە ئێنمایی تۆ نیە دەزانم بە پارەوموچەی من دەژی و چاکە دەکەی ساڵت کردۆتە نۆ (9) مانگ سێ مانگ موچەی خەڵك بۆ خۆت پاشەکەوت دەکەی پێژەی پێ ئەنجام دەدەی ئەوە منایش دەزانی وەڵا عەیبە . تۆ بوی بە پەتا پەتای (لوتکەی گەندەڵی) لە هیچ کونجی ئەو دونیایە شتی وا نییە ! ڤایرۆسی کۆرۆنا هەناوولوت و قورگمان دەگری بەڵام تۆ هەموو گیانمان گرتووە تۆ لە ناو ماڵەکانیشمان وازمان لێناهێنی منایش سێ ساڵەش دەزانی تۆ (45) ڕۆژ مووچە دەدەی چونکە حەفازەودایبی دوو جار بەکاردێت . پەتایی تۆ هەرچوار وەرزە نەك یەك وەرزی تا سەد ساڵیتر زانستی پزیشکی هاوچەرخ ناتدۆزێتەوە ! ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید 19) منا و تەمەنەکان ناگرێتەوە بەڵام تۆ هەموو تەمەنەکان ناپارێزی زاڵم , مردن بە کۆرۆنا کۆتایی بەژیانی مرۆڤ دەهێنی بەڵام مرۆڤەکان لە هەرێمە دەمرن هێشتا زۆم

و خەفەت و شایستە دارایی و پاشەکەوت و پلەبەرزکردنەوە هەر بۆ نەگەڕاندەوە بۆ شەرم بۆ دەبێ بازرگانی نەوت و گەنمی لە دەرەوە بهێنە بیدا بە بە غدا قوربەسەر جوتیاری فەقیر بکە چ نەمایە نەکەی گەر تۆ نیی ئەی بۆ دەسەڵاتی بەسەر ئەو کەسانە نیە کە لە ڤایرسی کۆرۆنا خراپترن . هەموو کات و وەختێك تووشی بارووی دۆخێك دەبی داوای هاوکاری لە خەڵك و خەڵکی دەوڵەمەند و وڵاتان دەکەی ئەی بە خۆت چیت بەس مژولی خەوتن و خواردن و ئابواردن و کەیف و سەفایی , نە ئیمانم بە تۆیە نەباوەڕم بە تۆیە هەتا دونیا مایە ئەوە بۆیاری خۆمەوقەناعەتی خۆمە پێویستم بە کوردبوون و کوردایەتی نییە چونکە جەنابت هەند دیموکراتی فەرقی من و عەرەب و بەنگلادیشی نییە لەم هەرێمە ! ئەگەر باسی کوردایەتی و کوردبوون دەکەی پاشەکەوت و مووچەی تەواو و دوانەکەوتن و پلە بەرزکردنەوەوشایستە دارایەکان بگۆڕنەوە بەڵام تۆ خەڵکت وا پەروەردەکردووە کە باسی مووچە بکەی بە دەرزەکەری لە قەڵەم بدەی و فشەت پێ دێ (26) مووچەی فەرمانبەرانت لایە بە سەر بڕندی دەڤی دەبێت بەغدا بیداتەوە ئەوە چ سەر ئێشەیەکە فەرمانبەر تووشی دەبێت . حکومەتی هەرێم بە خوای کەس تۆی خۆش ناوێ چونکە هەبژاردن بە خۆت دەیکەی قەڵەمی لێدەدەی و دەنووسی , نەوت و بایع و ئازوخەومووچەوداودەرمان و دەرزی ئەنسۆلین و پارەی هەندێك لە فەرمانبەرانت و نیوەی فەرمانبەرانت لە بەغداوە بۆ دێت بابزانم ئازایەتی تۆ چیە ناتوانی گەڵكێك ئاوەدان بکەیەوە ئاو کارەباوقیرتاوبکەی هەر دەڤی بوودجە نیە ئەویش هەر بە غداد بۆ واز لە بەغداد ناهێنی بۆ بەغداوبارودۆخی نێدەوڵتی و هاوپەیمانان نەبێت یەك مانگ ناتوانی خەڵك بەڤوە ببەی ! ئەوە چ حوکمڕانیەکە ئەفسانەیە خورافەیە یان تابلۆیەکی سوریالییە , تۆ ناهێلی بایکۆت و خۆپیشاندان بکەین و گردبوونەوە ئەنجام بدەین مەجبوورین بە نووسین ناخی خۆمان دەببین چونکە گەندەڵیەکەت بەرەوە ئەوە دەچێت ببیت بە دزی ناوەرم بڵم دزی ! بەسە ئیتر پیاوی چاك بە دەستنوێژهەگرەو روو لە قیبلە دوعای چاکەوکاری چاکە ئەنجام بدە نەك چاکسازی بە قسە پاشەکەوت و مووچە ریکبخەوە ئەگەر نا بەتەمای چوونە هەبژاردن لە من و لە کەسانیتر مەکە ئەی چۆن من هاوڵاتی گرنگم یەك دەنگ بۆ هەبژاردن بە خۆت ناڤی یەك دەنگ کاریگەری هەیە .

زۆر عەیبە بۆ منی هاوڵاتی و ئەگەر بە کوردم دەزانی خۆشگوزەرانم نەکەی مەخسەدم ئەوەی مافی مرۆڤ هەیە لەم هەرێمە نیە سفرە , کاروچاکسازی و کردەوەکانت هەموو کاتی و بەنج و پینەوپەیە تا قیامەت ئەوە ئیشتە ! دەشزانم ئەو قسانەی من بە وڕنە حیساب دەکەی هەروەکو چۆن قسەوڕنمایی و چاکسازیەکانت لای خەلکی وڕنە و لای

لایيه بۆ مناڵكی ناو بۆشكه , بۆیاڵم داوه هەتا مردن بەوشۆوه باست بكەم بەتایبەتی ئەو (48) كاتژمێرەی باری نائاسایت ڕاگەیاند لە ماڵەوه زیاتر گەندەڵیەكانت بەدیاربكەوێت ئەو بەرواڕەی ئەو وتارە دەنووسم تاكو ئێستا ئەو حكومەتی هەرێمی كوردستانە (26) موچە و ملیۆنەك و نیو دینار جیاوازی موچە و ئەمساڵیش (2020) بە (40) هەژ موچە دابەش دەكات , وەی لێهاتیە ئەوەی پیاوبی بە ناپیاوی دابنێن و ئەوەی مەرد بی بە نامەردی دانێن و ئەوەی عاقڵە بە شێتی دانێن ئەوەی داوای موچە بكات بە دەرزەكەری دانێن ئەوەی داوای خۆپیشاندان بكات بە خائینی دانێن, وەرە (30) سی ساڵ حوكمڕانی بكەی كەس تێی خۆش ناوێ بەو هەموو پارەوترسەی دەدەنە خەڵكی ئەو هەرەمە , كەنا زەاتیە لە چاو تۆ حكومەتی هەرێم , خۆش حكومڕانی .

لە گۆشگیریی چوار دیواری هەژی یەكەمی كارەناوە … نووسینی : نەوزاد بەندی

پزیشكێ چینییەكان بڕدەوام بە شەو و هەژ لە هەواڵی دزینەوەی چارسەر بوون بە كارەنا بە جۆرێ دایبییان هەڵگرتبوو ، كاربەدەستانی ئەمەیش ٣٠ ساڵە كۆشەی كارەبایان بە چارسەر نەكراوە و كام قات و بینباخیش گرانبەهایێ ئیپەشن ..كام ڤێلا و تاوەر مەدەرنێ ، بە خیانی هەڵ دانێن ..
مرۆڤ كێ ئەركی سەرشانی خۆی نەزانی و ..خۆی لەگەڵ كەسانی تردا بەراورد نەكرد بە مەبەستی بەخەدا چوونەوە و خۆ چاككردن ، ئەوێ لە بازنەی مرۆڤایەتیی دەردەچێ و ..لە دابەستێ و پێكەر و مردووەوە نزیک ئەبەتەوە ..
كۆشكێ لەرەدایە ، مرۆڤی كورد نابێ پشكەوێ ..نابێ بیر بكاتەوە ..نابێ داهێنان بكات ..نابێ بەرهەمهێن بێ ..بێ ئەوێش كەمەڵ پێكەری سارد و سڕ و بێ گیانیان كردووە بە بەرپرسی ..
لە هەر چركەیەكدا كە دەژیت ..لە هەر دیمەنێک كە دەیبینیت ..لە هەر هەنگاوێ كە دەینێیت ، حەقی خوێندنی فاتیحایەكت هەیە بە گیانی

دەرچووی دەستات ..
ئازاربەخشترین ساتیش ئەو ساتەیە کە سەفەر دەکەیت و ..سەیری خزمەتگوزاریيە گشتیەکانی گەلان دەکەی ..سەیری شەقام و پرد و میترۆ و تراموای و ئوتۆبیس و دار و درەخت و جوانکاریی شارەکانیان دەکەیت ..ئا لەو کاتەدا هەست دەکەی زەر خراپ دەماندووتۆ ، خۆت و ماڵ م منا و داهاتوو و مرۆڤایەتیت ..نایشزانیت کەی و لە کوێ و چۆن ئەو قومارەت کردووە ...!

کێ ئەبێتە سەرۆك وەزیرانی عێراق و کەی؟... ئەحمەد رەجەب

پێنج مانگە خەپیشاندان و راپەرین لە بەغداو شارەکانی ناوەراست و خواروی عێراق دەستیپێکردووەو سەرەرای تێهەدان و گرتن و ئازارو ئەشکەنجەدان زیاتر لە پێنج سەد شەهیدو بیست و پێنج هەزار بریندارو هەزاران بەسەروشوێن کەس نازانێت عێراق بەرەو کوێ مل ئەنێت و بە هەوێ بارودۆخەکەو بێتوانایی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە دەزینەوەی چارەسەر بێ داخوازییەکانی جەماوەرو خەپیشاندەران ناچارکرا دەست لەکار بکێشێتەوە.
سێ مانگە حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە کارکەوتووەو حزبەکانی شیعە سەریان لێشێواوەو رووپاکردە ئێران و لە شاری قوم بە سەرپەرشتیاری ئێران کۆبوونەوەو لە هاتنەوەیاندا کەسیکیان بە ناو (محەمەد تەوفیق عەلاوی) دا بە سەرۆك کۆمار بێ ئەوەی ببێتە سەرۆك وەزیران بەڵام محەمەد عەلاوی لە پاش یەك مانگ خۆی و ناوی کابینەکەی چوونە پەرلەمانی عێراق و، لەوی بە هۆی ناکۆکی نێوان شیعەکان شکستیهێناو کشایەوە.
تا ئێستا لایەنێ شیعەکان لێ دیاریکردنی کاندیدی سەرۆك وەزیران دوورن و، رۆژانە کۆئەبنەوەو تەنها ناوی دوو کەس یان سێ کەس تاوتوێ ئەکەن و ناگەنە ئەنجام و، بەوەش کێشەیان بێ سەرۆك کۆمار بەرهەم ساڵح دروستکردووەو، شاراوەش نییە بەرهەم ساڵح لە ژێر فشاری ئێران و حزبە شیعەکانەو تا ئەم ساتانەدا چاوەروانە کەسێك لەلایەن ئەو حزبانە دەستنیان بکرێت.
مستەفا کازمی بێت یان عەلی شوکری یان کەسێکی تر ئەبێت لەلایەن

ئێرانەوە کەدەنگی لە سەر بێت ئەمە لەکاتێکدا خرپیشاندەران ئەڵێن : ئێمە بریار ئەدەین کە ببێت بە سەرۆك وەزیران، ئێمە خاوەن بریارین، خەڵك خاوەن بریارە، خەڵك بە دەنگی بەرز ئەڵێن : ئێران بێ(دەرەوە بێ دەرەوە) و، ئەوە کەسە لەلایەن حزبەکانی خاوەن دەسەڵات بەربژێر ئەکرێت پێویستە کەسێك بێت خەڵك پێی قایل بێت نە ئەمریکاو ئێران، پێویستە هەموو لایەك تواناو ئیرادەی خەڵك پشتگوێ نەخات.

خەڵك بەرپژێریکی ناوێت تەنها لەلایەن بەرهەم ساڵحەوە پەسەند بکرێت و، حزبە شیعەکان دژ بە خواست و داوای خەڵکن، ئەو خەڵکە دژ بە پرسەی سیاسی و تایفەگەری و پشکپشکێنەو گەندەڵی و دزیی راپەریوەو ئەیانەوێت عێراق لە دارمان و گەندەڵی و هەژاری و برسێتی و نەخۆشی رزگار بکەن و، لە پێناو نەمانی مڵیشیاو چەك بە دەستەکان تێئەکۆشن و، بە دوای ناسنامەی نیشتمان بوون ودیموکراسی راستەقینەو و دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئەگەڕێن.
دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی تەنها سەرەتا بوو، خواست و داوای خۆپیشاندەران و خەڵکی راپەریو درێژەی ئەبێت و، سوورن لە سەر هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و تا هەنوکە خۆپیشاندانەکان بە ئامانجەکانی گەل نەگەیشتووەو، پرسەی سیاسی ئاواتەکانی گەل ئەکوژێت و لە ناویان ئەبات و، ئەمەش هەڵکی زێرینە بێ چەسپاندنی چاکسازی گەورەو، هەرسێ سەرکایەتییەکە (سەرۆك کۆمار، سەرۆك پەرلەمان و سەرۆك وەزیران) دەست لە یەحەی خەڵك بەربدەن و، هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت و، ئەوانەی بەشدار بوون لە دارمانی ئابووری و کۆمەڵایەتی عێراق سزابدرێن.
ئێران بە ناوی ئاین و ئیسلامەوەو لەڕی حزبە شیعەکانی خاوەن دەسەڵات گیروگرفت و کێشەکانی ئەگوازێتەوە بێ عێراق و وڵاتانی ناوچەکەو بەو شێوەیەش هەوڵی زیاتر ئەدات بۆئەوەی ئەو وڵاتانە بخاتە ژێرهەیمەنەو کۆنترۆڵی پاسداران و سوپاکەی و هەر سەبارەت بە دانانی کەسێك بێ سەرۆك وەزیران عێراق و، بێ ڕکخستنی ناوماڵی شیعە عەڵی شەمخانی ئەمنیداری گشتی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئێران خڵی گەیاندە بەغداو، یەکسەر لە گەڵ سەرکردەکانی حزبە شیعەکان کۆبووەوەو، بڕیاریان دا سەرۆك وەزیران عێراق سەر بە هادی عامری و موقتەدا سەدرو نوری مالکی و ئەوانی تر لە سەر تەلەفزیۆن و سەتەلایتەکان رایاگەیاندو وتیان شەمخانی ئامۆژکاریمانیکرد بێ ڕکخستنی ناوماڵمان و زاڵبۆن بە سەر کیشەکانی نێوانمان و دیاریکردنی کەسێك بێ پێستی سەرۆك وەزیران و، دیارە ئەو کەسە ئەبێت بە پێی خواستی ئێران دابنرێ

عەلی شەمخانی لە کاتێکدا وەاتەکەی دووچاری کێرنا بووەتەوە سەردانی عێراقی کردو، ئارەزوومەندانە هاتووچۆ ئەکات و کێبوونەوە ئەنجام ئەدات و، تەمێی شیعەکان ئەکات و، لە رووی ئەمن وئاسایشەوە لە گەڵ فالح فەیاز راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق کێبووەوەو باسی بارودۆخی عێراق و حەشدی شەعبی و دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا و هێزە بیانییەکان کردو، لە پاش گەرانەوەی بارودۆخی ناوخێی عێراق و ناوچەکە بە هۆی بڕدومان و هێرشکردنە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان روو لە گرژی و ئاڵۆزی ئەکات.
لە کاتی نووسینی ئەم وتارە هەواڵێك باوکرایەوە کە حزبە شیعەکان کێکن لە سەر ناوی نەعیم ئەلسوهەیل ببێت بە سەرۆك وەزیران و، ئەم نەعیمە راوێژکاری سەرۆك کۆماری پێشووتری عێراق بووەو کوری برای تاڵب ئەلسوهەیلە کە لە لایەن حزبی بەعسی عەرەبی لە لوبنان کوژراو، ئەگەر زۆرە پێستەکە وەربگرێت وچانسی زیاترەو رۆژانی داهاتوو پەردە لە سەری لا ئەبات.

.15/3/2020